# وەزارەتی پەروەردە: کتێبی بیرکاری پۆلی یەکەم و دووەم و سێیەمی بنەڕەتی گۆڕدرا




وەزیری پەروەردەی هەرێمی کوردستان رایگەیاند کە بۆ ساڵی نوێی خوێندن، کتێبی بیرکاری پۆلی یەکەم و دووەم و سێیەمی بنەڕەتی گۆڕدرا.

ئالان حەمەسەعید وەزیری پەروەردە رایگەیاند "کتێبەکانی بیرکاری پۆلەکانی یەکەم و دووەم و سێیەمی بنەڕەتی بۆ ساڵی خوێندنی (2025-2026) گۆڕدران.

واتە بۆ ساڵی داهاتووی خوێندن، قوتابیانی پۆلەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم، لە قوتابخانەکانی حکوومی کتێبی نوێی بیرکاری دەخوێنن.

